صدیق رەسول حسین

# موستەشارەکە وتی: من سوێندم بۆ حیزبی بەعس خواردووە، کە خیانەتی لێنەکەم ئەگەر تەسلیمیان نەکەم ئەوە خیانەتم کردووە .



**دیدار عومەر محەمەد**

**ناوەراستی شوباتی/٢٠١٤ بە نیازی دیداری خانەوادەیەکی ئەنفالکراو چوین بۆ گوندی هۆمەرقەوم، گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە لە رۆژهەڵاتی ناحێی سورداش. کەوتووەتە سەر رێگای دۆڵی گەشتیاری مێرگەپان لەبن چیای سەرکەشی دابان وچیای چەرماوەند، ئەوگوندە لەپەلاماری ئەنفالی یەکەمدا خەڵکەکەی ئاوارەی ئێران بوون، بەڵام بە پروپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەراونەتەوە بۆنیشتمان و ١٨ گەنجیان خۆیان رادەستی جاشەکانی برایماغا کردبوو، بەڵام ئەو لە بری داڵدەدانیان رادەستی ئیستخباراتی تیپی ٢٤ی سوپای کردبوون لە چوارقورنە، سەرئەنجام هەموویان ئەنفالکران و جارێکی تر نەبینرانەوە.**

**لەوگەشتەدا کە برای بەرێز فەرەیدون چاوشین یاوەری کردم، دیمانەم لەگەڵ چەند کەسێکدا ئەنجامدا کە هەموویان کورێکیان یاخود برایەکیان یاخود زیاتریان لە تاوانی ئەنفالدا لەدەستدابوو، یەکێک لەوکەسانەی دیمانەم لەگەڵدا سازکرد پیاوێکی روخۆش بوو، بەناوی صدیق رەسوڵ ئەویش کورێکی لە ئێران مردبوو، کورێکی گەنجیشی لەلایەن جاشەکانەوە رادەستی سوپاکرابوو.لەدیمانەکەیدا سدیق پەردە لەسەر هەندیک تەمومژیش لادەبات بفەرموون ئێوەو دەقی دیمانەکە.**

با لەناوی خۆتەوە دەست پێبکەین ناوی سانیت چیە ؟

صدیق رەسول حسین

تەمەنت چەند دەبێت ؟

ساڵی ١٩٥٥ لەدایکبووم

لەبنەرەتەوە خەڵکی هۆمەر قەومیت ؟

بەڵێ بن و بنەچەم هەرلەم هۆمەرقەومە بووین

پێش ئەنفال هۆمەر قەوم چەند ماڵ بوو ؟

چل و پێنج ماڵ بوو

پێش ئەوەی ئەنفال بگاتە سەرتان و سوپا هۆمەر قەوم برێوخێنێ , چەندجار بۆمبارانکراوە یاخود رێوخێنراوە ؟

بە دایم تۆپ باران دەکراین و لە حەفتا وچواردا هەموو رۆژێک تۆپباران دەکراین

چەند جارسوتێنراوە لە کۆندا ؟

یەکجار لە ساڵی شەست و نۆدا

**هەموو دێییەکە سوتێنرا ؟**

چوار یان پێنج ماڵ نەسوتان

**لەم گوندەدا چەند شەهیدتان هەیە ؟**

نۆزدە ئەنفالمان هەیە وسێ شەهیدی تریشمان هەیە .

**ئەنفالکراوەکان هەموویان خەڵکی مەدەنی بوون ؟**

بەڵێ هەمووی کاسبی ماڵی خۆی بوو.

**خۆشترین یادەوەریت چیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نفالکراون ؟**

ڕۆژێکیان صەمەد و چوار کەسی تر بون لە ژێر دارێکدا دانیشتبون کامێرایەکی کۆداکیان پێبوو پێیان وتم وەرە با وێنەیەک پێکەوە بگرین، هەتا ئێستەش ئەو وێنەیە لە خەیاڵمدایە و سێ لەو کەسانە بە ناوەکانی صەمەد و کامەران و شەفیق ئەنفالکران.

**ئەو وێنەیەت نەماوە ؟**

نەخێر نەمماوە.

**چی دابوونەریتێکی ئەم دێیە بەلاتەوە زۆر جوان بووە و ئێستە نەماوە ؟**

کاتێک کە ناخۆشییەک یان پرسەیەک دەبوو هەر کەسە و لە ماڵی خۆیەوە نانی دەبرد بۆ مزگەوت هەموویان پرسەکەیان بەهی خۆیان دەزانی لە خۆشیشدا هەروابووین لە سەربان شاییمان دەگێڕیا . یان ئەوکاتانەی دەچوین بۆشار.

**کام شار مەبەستت کوێیە ؟**

دەچوین بۆ سلێمانی.

**کاتێ کە تۆ گەنج بویت سلێمانیش شارێکی ئەوەندە گەورە نەبوو ؟**

ئەوکات من لەگەڵ باوکم بە کاروان هەنجیرمان دەبرد بۆ سلێمانی لە بەرامبەر مزگەوتی گەورە خانێکی تێدا بوو وڵاخیان تێدا دەبەستەوە بیرم دێت بە پەنجا فلس بوو، حەمامێکیشی لێبوو ناوی قشڵە بوو

**چویتە ئەو حەمامە ؟**

بەڵی تەنها یەکجار

**بەچەند ڕۆژ دەگەشتنە سلێمانی ؟**

نوێژی بەیانی لێرەوە بەرێ دەکەوتین بۆ عەسر دەگەشتینە ئەوێ

**لەوێ شتتان دەکڕی ودەگەڕیانەوە ؟**

لەلای خانەکەوە شوێنک هەبوو وەک عەلوە لەوێ بارەکەت لە وڵاغەکەت نەدەکردەوە و بارەکەت دەبرد بۆ دوکانی ئەو بەقاڵەی کە لێی کڕیبویت . دوای ئەوە شتمان دەکڕی و دەگەڕاینەوە.

**ئەو یاریانە چین کە لەسەردەمی منداڵیدا زۆرحەز ت لێیان بوو وە بیرت ماوە ؟**

هەڵماتێن و سێباز

**ئەوانەی کە ئەو یاریانەت لەگەڵ دەکردن چەندیان ئەنفالکراون ؟**

تەنها عوسمان .

**ئەی لەخانەوادەکەی خۆتان کێت ئەنفالکراوە ؟**

کوڕێکم

**ناوی چی بوو ؟**

بورهان .

**لەدایک بووی ساڵی چەند بوو ؟**

١٩٧٠ لە دایکبووە .

**کەواتە گەنج بوو .**

بەڵێ

**ژن ومنداڵی نەبوو ؟**

نەخێر

**لەگەڵ هەژدە کەسەکەی تردا ئەنفالکرا ؟**

بەڵێ ئەو لەماڵی خاڵی بوو لەگەڵ خاڵی ئەنفالکرا

**ماڵی خاڵی لە کوێ بوو ؟**

هەرلێرە لە هۆمەر قەوم بوون.

**لە هۆمەر قەوم گیران یان کە لە ئێران گەڕێانەوە ؟**

کە لە ئێران گەڕیانەوە لە دێیەک لە پشتی قەڵادزێ ناوی زورکانی خواروە، هەواڵیا بۆ ناردم وتیان کۆڕەکەت وکۆمەڵێکی تر هاتوونەتەوە وا لەوێن منیش سەیارەیەکم گرتوو ڕێۆشتم بۆ زورکان.

**کێ هەواڵی بۆ ناردی ؟**

پیاوێکیان لەو دێیەوە ناردبوو من نەمدەناسی کە وتیان بچۆرە ماڵی ئاغای بچوک وتم ئاغای بچوک چیە وتیان ئاغای گەورەمان لە سەنگەسەر دادەنیشێت وئەمیش جێگری ئەوە منیش چوومە ئەوێ و وتی ئەمشەو لەو شاخە هێناویانەتە ئێرە و لێرەش تەسلیمی برایم ئاغای سەنگەسەر و عەباسی بایز ئاغا بوون، منیش چومە ماڵی بایز ئاغاو نیوەڕێۆ لەوێ نانم خوارد و ئەوان تەسلیم نەکرابوون بەڵکو سجن کرابوون و قسەشم لەگەڵ کردن ، دواتر بە برایم ئاغام وت ئاغام تۆ بۆچی ئەمانە تەسلیم دەکەیت بۆ بەریان نادەیت بۆخۆت و بۆئێمەش چاکتر نیە ؟ یاخود با هەرلەلای خۆت بمێننەوە وەک کوڕێی خۆت ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی من سوێندێکی یاسایم خواردووە بۆحیزبی بەعس ، ئەو سوێندەش ناشکێنم . منیش وتم لەبەرچی وتی من سوێندم بۆ حیزبی بەعس خواردووە و نابێت خیانەتی لێبکەم ئەگەر ئەوە نەکەم مانای وایە خیانەتم لە حیزبی بەعس کردووە منیش وتم ئەمە خیانەت نیە بەڵکو ئازادکردنە .

**ئەوە کامیان بوو ؟ برایماغا ئاغای گەورە یان بچوک بوو ؟**

نا ئاغای بچوک لەو دێیە بوو کە یەکەمجار چووم بۆلای برایم ئاغا ئاغای گەورە بوو

**لە کوێ برایم ئاغات بینی ؟**

لە ماڵەکەی خۆی شورتە و عەسکەریەشی لابوو ، ئەو کاتەی من لەوێ بووم لە حەرەسەکەی پرسی چەند کەسن وتی تا ئێستا شەست و دوو کەسن

**ئەوانەی کە بینیتن کێ بوون؟ کێی ناسراوی تێدابوو ؟**

تەنها عوسمانم لێدەناسی .

**ئەی عوسمان هیچی پێی نەگوتی .**

نا هیچی پێ نەوتم . چیم پێبڵێت .

**وەک راسپاردەیەک، نهێنیەک لەسەر گیرانیان ؟**

ناهیچی نەگووت تەنها ئەوەندە گوتی فریامان کەوە. ئەوانەی دەمناسین لەولاتربوون نەیان دەهێشت بیان بینم ، دوایی برایم ئاغا بردبونی بۆ فیرقەی بیست و چواری چوارقورێنە و هەر ئەو شەوەش بردبونیان بۆ هەولێر

**ئێوە قائیدی ئەو فیرقەیەتان نەدەناسی ؟**

نەخێر

**ڕۆژێک لە ڕۆژان حەزت کردووە بزانیت ئەو قائید فیرقەیە کێ بووە ؟**

بەڵێ

**ئێوە سکاڵاتان لەسەر برایم ئاغا تۆمارکردووە ؟**

چەند جارێک سکالامان کردووە، جارێکیان لە سلێمانی پاڵاس لای دادگای باڵای تاوانەکان .

**ئەی سکاڵاکانتان بەکوێ گەیشت ؟**

هەروەکو خۆیەتی چاوەروانین.

**هیچ کەسێک لە نوگرە سەلمان نەگەڕاوەتەوە و بڵێ تا ئەوێ پێکەوە بووین ؟**

نەخێر بەڵام من بۆ خۆم هەر بە دوایانەوە بووم هەتا مەرکزی شورتەی هەولێر.

**ئەوان دەیانزانی کەوا تۆبەدوایانەوەیت ؟**

نەخێر تەکسیەکمان پێبوو لە دوایانەوە دەرێۆشتین

**نەدەترسان ئێوەش بگیرێن ؟**

نەماندەهێش هەستمان پێبکەن

**لە هەولێرەوە بردیانن بۆ کوێ ؟**

کە دایانگرتن ئەو ناوەیان گرت ئیتر ئاگامان لێیان نەما

**وەک بزانی چەند سەیارە دەبوون کە ئەنفالکراوەکانیان هەڵگرتبو ؟**

نزیکەی دە پاس دەبوون

**هەمویان مەدەنی بوون ؟**

بەڵێ پاسەکان ریم و کۆستەر بوون

**یەکێک لەو سایەق پاسانەتان نەدۆزیەوە پرسیاری لێبکەن ؟**

نەخێر ، کە ئەوانیان داگرت ئێمە کشاینە دواوە

**هەتا کەی چاوەڕێوانت کردن ؟**

تا حکومەتی بەعسیش ڕێوخا من هەر چاوەڕێوان بووم

**کاتێک کە تەرمەکانیان لە حەزەر هێنانەوە تۆ گەیشتیتە چی قەناعەتێک ؟**

تا ئەوکاتەی حکومتی بەعس نەرێوخابوو ئومێدمان هەبوو مابێتن و لە شوێنێک سجنی کردبن و ئەو قەناعەتەش هەر بۆ خۆمان دروستمان کردبوو.

**ئەی ئێستا ؟ کە دەزانی ئەو تەرمانەی لە دوکان نێژراون قەناعەتت وایە کورەکەی تۆی تێدا بێت ؟**

ئەوەش هەر بۆخۆمان ئەوقەناعەتەمان دروستکردووە، دەنا نازانین کامە تەرمەکەی ئێمەیە

**منداڵی ترت هەیە ؟**

بەڵی دوو کورێی ترم هەیە.

**هیچیانت بەناوی ئەو کورێەتەوە ناو نەناوەتەوە ؟**

نەخێر

**بۆچی ؟**

له دوای ئەوەوە مندالّی ترم نەبووە

**خەون بە کۆڕەکەتەوە دەبینی ؟**

جارێک خەون پێوەدی دەفتەر خدمەم بۆ دەرهێنا و هاتەوە منیش دامیَ ئەویش هەڵدەپەڕێی دەیوت بوم بە جوندی.

**پێت ناخۆش نیە کە ئێستە من ئەو پرسیارانەت لێدەکەم ؟**

نا پێم ناخۆش نیە بەلاّم خۆش نیە تۆ پێم بلّێیت چۆن کوشتنیان و چیان لێکردن و کە لە تەلەفزیۆنیش ئەوە نیشاندەدات من سەیری ناکەم ودەیگۆڕێم چونکە من دوو مندالّی تریشم مردوون یەکێکیان لە سەیتەریەی دواکان لە شەرێی دابان ناوی بەرهەم بوو کە ڕێاشمان کرد بۆ ئیران کورێێکی ترم لەویَ لە خەستەخانە مرد .

**ناوی چی بوو ؟**

ناوی ئاوارەبوو

**ئەی کەراتان کرد بۆ ئێران مەبەستت کام راکردنەیانە ئەوەی کاتی ئەنفال یان ئەوەی سالّی ١٩٩١ ؟**

نانا لە سالّی ١٩٨٨ کە ئەنفال بوو ئێمە رامانکرد بۆ ئێران.

**کەواتە تۆ خەریکە ناوی ئەنفالکراوێک ون دەکەیت چونکە کورێەکەی تۆ بە هۆی ئەنفالەوە مردووە. ؟**

بەلّیَ چونکە ئێمە ڕێمان کردبوو، برسێتی و سەرمای ڕێگا وای لێکردو نەخۆش کەوت، ئەوەی تریشم هەروا بوو ئەویش لە شەرێی داباندا ئێمە بە پیَ ڕێمانکرد بچینە دوکان کە گەیشتینە سەیتەریەکە لەویَ گرتیانین و ئەفسەرەکە پێگوتم  تۆ کۆڕەکەت موخەریبە و دەتەویَ خۆشت دەرچیت ؟ وتی بەخوا هەتا دەمریت دەبیَ لەبەر ئەو سەرمایە بیت، ئێمەش زۆر پاراینەوە نەیهێشت بچینە دوکان کورێەکەم زۆر بچوک بوو بەباوەشی دایکی یەوە بوو سەربازێک هات  لێی وەرگرت بە بیانوی ئەوەی شیری بداتیَ، بەلاّم بردی لە پەنا کیسە خۆڵەکاندا داینا، هەتا گیانی دەرنەچوو نەیدایەوە کە دایەوە دەستمان منداڵەکە ڕێیەش بوبویەوە بە هۆی سەرماوە مردبوو، دوای ئەوە ئینجا هێشتیان بچینە ناودوکان .

**کەواتە منداڵەکەتان لە دوکان ناشتووە ؟**

بەلّیَ لەویَ لە قەبرسانەکەی دوکان ناشتمان ، بەخوا ئێستەش نازانم گۆرەکەی لە کوێدایە

**چۆن ناشتان ؟**

بە ئاسایی ناشتمان وخزمەکانمان لە دوکان هاتن لەگەڵمان

**تۆ هەست ناکەیت چ وەک باوکێک و چ وەک شایەتحالێکی مێژوو کەم تەرخەمی لە تۆمار نەکردنی مردنی مندالّەکانت ؟ راستە مردن کات و ساتی نیە بەلاّم هۆکاری هەیە.**

وەلاّ جابلێم چی نەلە شەهیدان و نەلە شوێنی تر هیچیانم نەنوسیوە.

**وەک کەس وکاری ئەنفال داواکاریت چیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ؟**

حکومەت مووچەی بۆ دابین کردووین و لە دروست کردنی خانوشدا یارمەتیان داوین تەنها ئەوەندە کە ئەوانەی دەستیان لەو تاوانەدا هەبووە دادگایی بکرێن .

**کە سەرەتای قسەمان دامەزراند ووت ئەم ناوچەیە کیمیاوی لێی داوە ؟**

بەلّیَ ، ئەم شاخەی لای ئێمە هەنگی زۆری پێوە بوو ئێمە کە هاتینەوە هیچی نەمابوو هەموی کوشتبوو، هەمویان کەوتبوون تەنانەت هەموو کۆترە شاخەیەکانیش مردبوون .

**ئەی بۆمبە کیمیاییەکەی گوندی سوسیَ ئەوەیانم بۆ باسبکە ؟**

بەڵی ئەوەشیانم بیرچوو ئێمە ماڵمان لە سوسێ بوو، لە ترسان لەگوندەکە دەرچووین و هاتینە بن شاخەکە، دەمان بینی کە لە قوڵی لای گوندی کرژەوە ڕاجیمەی بە گوندی هەڵەدنەوە دەنا یەکێک لە راجیمەکان لە لای گوندی سوسێوە[1] کەوتە خوارەوە، هەرچی لەو ناوەدا بوو پێوەبوو نەک بە مردن بەڵکو هەموو توشی تەنگەنەفەسی بووین و دراوسێیەکمان هەبوو ناوی عوسمان بوو وتی بەرخیشم نەما، بۆ خۆشم گوێ درێژێکم هەبوو هەناسەی توند بوو بەزۆر هەناسەی دەدا و بەملاو لادا دەکەوت، تومەس ئەو ساروخە کیمیایی بووە، حاجی رەوفیش خەڵکی سوسێ بوو وتی ماڵی ئێمەش پێوەبوون .

**هەست ناکەیت کاتێک ئێمە دوای بیست و شەش ساڵ دێین ئەو پرسیارانەت لێدەکەین زۆر دواکەوتوین ؟**

تا ئێستا چەند جارێکی تر پێش تۆ هاتوون و قسەیان لەگەڵ کردووین، گرنگ ئەوەیە باس بکرێت و لەبیرنەچێتەوە درەنگ و زوو مەسەلەیەک نیە.

**پێشتر باسی پۆلیسێکت کرد، کە مامەڵەت کەوتووەتە لای ئەویش بە ناخۆشی قسەی لەگەڵ کردوویت ئەوە چۆن بوو ؟**

ئامۆزایەکم هەبوو لەهەمان کاتدا زاواشم بوو، پاسێک بە ناوییەوە بوو، ئەویش ئەنفالکرا بوو منیش چووم ویستم سەنەوی باسکە بکەم بە ناوی خۆمەوە، چوم بۆ مدیریەتی شورتەی دوکان باسی ئەوەم بۆکرد کە ئامۆزایەکم سجنە راستیەکەی نەمگووت ئەنفالکراوە وتم دەمەوێ باسەکە بکەم بەناوی خۆمەوە ئەو پۆلیسە لێی پرسیم ئامۆزاکەت لە کوێ سجنە ؟ وتم لە سجنی گەورە یە نەمدەوێرا بڵێم ئەنفالە ، وتی کەوایە بچۆ لەوێ تەئیدێکم بۆ بهێنە کە سجنە، منیش نەمدەتوانی چونکە شتی وەها نەبوو، بەناچاری پێم گوت ئامۆزاکەم مەرج نیە لە سجنی گەورەبیت چونکە ئەو ئەنفالکراوە ئەویش تەماشایەکی کردم و سەیرێکی قەلەمەکەی کرد ( قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو) روی کردە من و ئینجا گووتی ئەو قەڵەم کوێر بێت ئەگەر ناوی ئەنفالی پێ بنوسم.

**مەبەستەکەی ئەوەبوو کە ناوی ئەنفالی بەلاوە ناشرین بوو یاخود چی ؟**

لای قێزەون بوو وەک بەعسیەک ئەوەی گووت ؟

**ئەی ناوەکەی نازانی ؟**

ناوەڵا بیرم نەماوە.

**پۆلیس بوو یان پلەی هەبوو ؟**

بەڵێ پلەی هەبوو ئەفسەر (زابت )ێک بوو داڵێک ونەجمەیەکی هەبوو .

**من هیچم نەماوە ئەگەر تۆهیچی ترت مابێ**

نەوەڵا منیش هیچم نیە ماڵت ئاوابێ کە بەسەرت کردوینەوە.

**قایلیت بەوەی ئەم دیدارە بڵاوببێتەوە ؟**

بەڵێ قایلم بە ئارەزوی خۆت چۆنت پێباشە وای لێبکە.

**سوپاس.**

---

**[1] لە ناوچەی سورداش، سێ گوند هەن بەوناوەوە (سوسێ کۆن، سوێ سەیدان، سوسێی ئاڵەمەرە، ئەویان کەوتووەتە دامێنی چیای پیرەمەگرون، سوسێی سەیدان، دەکەوێتە خوار چیای پیرەمەگرون و نزیکە لە جادەی گشتی دوکان سلێمانی و سوسێ کون لەسەر هەمان هیڵ دەکەوێتە رۆژئاوای هەردوو سوسێی سەیدان و ئاڵەمەرەو کەوتووەتە دامێنی جادەی گشتی دوکان سلێمانی . ئەوەی سدیق باسی دەکات سوسێ ئاڵەمەرەیەو شێخ رەوفیش دانیشتووی گوندی سوسێی سەیدان بوو.**